سودانی: یەکگرتنی عەرەبی لە ڕوی سیاسی و ئابوریییەوە ئامانجێکە کە ئێمە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەین

محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق دوپاتیکردەوە، "یەکگرتنی عەرەبی، لە ڕوی سیاسی و ئابوریییەوە، ئامانجێکە کە ئێمە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەین" و دەشێت، "پێویستە گەلانی عەرەب لەڕوی ئیرادەوە یەکبگرن بە ڕوبەڕوبونەوەی نادادپەروەری و دەستدرێژیەکان".

محەمەد شیاع سودانی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی عومان لە میانەی سەردانە فەرمییەکەیدا بۆئەو وڵاتە کە ئەمڕۆ گەلایەوە وموتێع بەدواداچوونی بە کردووە وتی "پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و عومان لەسەر بنەمای هاوبەشی مێژویی و کۆمەڵایەتی و ئابوریییە، ساتەکانی گەشاوەی پشتیوانی و هاوکاری و دیدگا و هەڵوێستی هاوشێوە لەخۆدەگرن. ئاماژەی بەوەشکرد، "24 یاداشتی لێکتێگەیشتنی هاوبەش و دو ڕێککەوتنمان واژۆکرد، کە ژمارەیەکی گەورە و دیارە، بە گەلانکاریییەکی ڕاستەقینە لە مێژوی پەیوەندییە دو قەیییەکان، ئێمە هاوبەشییەکی ستراتیژی لە نێوان عێراق و سوڵتانییەتی عومان دادەمەزرێنین، هەروەها گرنگی بە بەشداریکردنی دەدەین لە ژینگەی کارکردن، وەبەرهێنان، پڕۆژە

هاوبەشەکان، بزوتنەوەی گەشەپێدان لە عێراق".

جەختیشیکردەوە کە "پێژەی ڕێگای گەشەپێدان پەیوەندی نێوان بەندەرەکانی عومان و پێگە جیاوازەکەی بەدەستدەهێنێت، هەروەها بەندەری گراند فاو، دەگاتە تورکیا و ئەوروپا".

ئاماژەی بەوەشکرد، "کەرتی تایبەت لە هەردو وڵات نوێنەرایەتی میحوەرێکی بنەڕەتی دەکەنلە هاوبەشی دو قۆیدا، دامەزراوەکانی دەوڵەتمان ئاڕاستەکردوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان و یاداشتەکانی لێکتێگەیشتن، هەروەها ڕێککەوتین لەسەر دابینکردنی هەمو شتێك کە یارمەتیدەر بێت لە فراوانکردنی ئاوگۆی بازرگانی، هاوکاریی کەرتی تایبەت، جێبەجێکردنی پێژەی هاوبەش".

سودانی دەشێت، "لایەنی گرنگی ڕێککەوتنەکان پەیوەندی بە توژینەوەی زانستی و چاودێری گەنجان و بڕوانامەی هاوبەشی سەرکردە کارگێییەکانەوە هەیە".

ئەوەشی ڕونکردەوە، "هەڵوێستەکانمان هاوشێوەی براکانمانە لە عومان، ڕێبازەکەمان لە گەڵەپانی ناوچەکەدا پشت بە گفتوگۆ و نزیککردنەوەی دیدگاکان دەبەستێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ڕاستەقینە".

سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەوەشی ڕاگەیاندوە، "بێم دەرکەوت کە براکانمان لە عومان دیدێکی یەکگرتو و ڕێبازی هاوبەشی کارکردنیان هەیە لەسەر پرسە جڕاوجڕەکان، لەسەر بنەمای بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆ، هەوڵی زەرمان داوە بۆ وەستاندنی توندوتیژی و ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی مافەکان و پاراستنی مافی چارەنوسی گەلان، ئەمەش ڕێبازێکی هاوبەشە کە هاوکارییەکانمان لەگەڵ عومان لەسەری بنیات دەنێین".

جەختیشیکردەوە کە "یەکگرتنی عەرەبی، لە ڕوی سیاسی و ئابوورییەوە، ئامانجێکە کە ئێمە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەین، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئاستەنگانەی ڕوبەڕوی ناوچەکە دەبنەوە، هەروەها هەوڵدەدەین ڕێککی ناوچەیی کاریگەر دابمەزرێنین".

ڕونیشیکردەوە کە "پێویستە گەلانی عەرەب لەڕوی ئیرادەوە یەکبگرن بۆ ڕوبەڕوبونەوەی نادادپەروەری و دەستدرێژیەکان، بەتایبەتی لە پرسی سەرەکی ئێمەدا کە پرسی فەڵەستین".

سودانی وتیشی، "هێرشەکان لە فەڵەستین چاوەڕوانییەکانیان تێپەڕاندوە، سنورەکانی تێپەڕاندوە و هەموو ڕێساکانی یاسا نێودەوڵەتییەکانیان پێشێلکردوە، کاری هاوبەشمان خزمەت بە گەیشتن بە هەڵوێستە هاوبەشەکان و بەرزکردنەوەی سەقامگیری لەڕێگەی گفتوگۆوە دەکات، هەروەها پشتیوانی دەستپێشخەرییەکان دەکەین بۆ ئارامگرتن و ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی زیاتر".